www.kurdistannet.org
29-4-2003 12:58

# لیژنەی ئیدارەی ناو شاری کەرکوك و چەند باسێك. . .

**پەیامنێری کوردستان نێت : سلێمانی**

رێکەوتی یەك شەممەی رێکەوتی ٢٧ / ٤ / ٢٠٠٣ لەکات ژمێری ١٠ ی بەیانی بەکاتی هاوینەی عێراقی کەرکوك سەردانی پارێزگای کەرکوکمان کرد. . . بۆ سازدانی چەند چاوپێکەوتنێك و لێکۆڵینەوە لە وەزعی ئێستاو داهاتووی کەرکوك بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا سەردانەکەمان توشی لێکۆلینەوەیك بۆ بن لە لایەن " میجر تونی کێلێر " ی ئەمریکی شتەکانی خۆمم پێ راگەیاند و بە ئەوپەری رێزەو پێشوازی لێکردین و هاوکاری کردین بۆ ناساندنی ژوورەکانی پارێزگا وێنەگرتنی چەند وێنەیەك لەناو پارێزگادا. . . سەرەتا سەردانی هۆڵی گەرانەوەی پۆلیسەکانی کەرکوکمان کرد کە لەویَ دا باجیان بۆ دروست دەکرێت و لە بنکەی پۆلیسیەکان دایان دەمەزرێنن. . . پاشان سەردانی کولێنێر ( چادریمان) کرد کە بەزمانی کوردی و عەرەبی قسەی دەکرد. . . سەبارەت بە کارەکانیان وەتی ئێمە لەگەڵ لیژنەکانی ئیداری ناو شاری کەرکوك کار دەکەین بۆ نەهێشتنی کێشەی هاولاتیانی کەرکوك بۆ خزمەت هاتووین نەك بۆ داگیر کردن. . . لێرەدا راستە ئێمە دەسەلاتی تەواومان هەیە، بەلام زۆربەی کێشەکان بەراوێز لەگەل سەرجەم ئەندامانی لیژنەی شاردا چارەسەر دەکەین. . . ئێمە زۆر سوپاسی دەزگای کوردستان نێت دەکەین دواتر سەردانی ژوری برا عەرەبەکانمان کرد خۆش حالێ خۆیان پیشان دا کە بۆ یەکەم جارە لەکەرکوك دا هەموو نەتەوەکان وەك برا کاردەکەن لەم پارێزگایە. . . ئێمە لێرەدا چەندین کێشەمان چارەسەر کردووە بەهاوکاری لێژنەکەمان و هێزەکانی ئەمریکا. . . دواتر سەردانی ژوری ئاشوریەکانمان کرد دوای ئەوەی بە شێوازێکی زۆر جوان پێشوازیان لێکردنی دواتر چەندین پرسیارمان لێ کردن و وەلامیان دایەوە. . . پیرۆزبایی خۆیان بەگەلانی عێراق و نەتەوەکانی عێراق لە رێگای ئێمەوە دەگەیەنن و وتیان کەرکوك برایەتی سەر لەنویَ رەگی برایەتی و تەبایەکی دەچێنێت و ئێستا جوانترین نموونەی عێراقی تازەیە باشترین شارە لە هەموو رویەکدا لەدوای سلێمانی و هەولێر و دهۆك. . . پرسیاری نەبوونی هاورێ ئەرمەنەکانم لێ کردن لەم لیژنەیە وتیان ژمارەیان زۆر کەمەو ئەوانە لەسەر ئێمە مالان خۆشەویستی ئێمەن هەموو کارێکیان بۆ جێ بەجێ دەکەین. . . ئەو پرسیارەی ئێوە نیشانەی شارەزایتانە لە شاری کەرکوك ئێمە خۆزیارین بتوانین هاوکاری تەواوی ئەوان بکەین. . .

لەگەڵ بەرێز پارێزگاری کەرکوك لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان بەرێز Ùä الدین گلی چاوپێکەوتنمان لەگەڵ ئەنجام دا. . .

وتمان گەورەترین کێشەی هاوولاتیانی کورد لەم شارەدا شاری کەرکوك بوونی دوو ئیدارەی جیاواز لەیەکتر و زەمانحالێ حکومەتی کوردی یە بە ئێوە وەك پارێزگاری ئیدارەیکیان چی دەلێت بە ئەم کێشەیە ؟

- راستی ئەمە کێشەیە ئێمە خۆمانی لێ دوور نەکەینەوە لەهەولدان داین بۆ چارەسەرکردنی چونکە دوو ئیدارەیی چارەسەری کێشەکانی شاری کەرکوك نەتوانیَ بەتەواوی بکات. . . بۆیە هەوڵ هەیە لە هەردوو لایەنی سیاسی لەئاستی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی دا پێم وایە بەزووترین کات دەتوانین کۆتایی بەم کێشەیە بهێنین. .

- ئایا هیچ تەنسیق لەبەینی هەردوو ئیدارە هەیە ؟

- بەڵێ ئێمە و كاك رزگار علی پارێزگاری كەركوك لەسەر ليستی ( ی. ن. ك) ئەندامی لێژنەی ئيدارەی ناو شاری كەركوكين هەردووكمان راوێژمان لەگەڵ دەكرێت بۆ چارەسەركردنی هەر كێشەيەك بێ ياخود جێ بەجێ كردنی هەر بەرنامەيەكی نوێ بێ. . .

- ئايا بە نسبەت ئاوارەكانی شاری كەركوك كە بەهۆی ڕا گواستنەوە تەعريب ئاوارە كراون چی دەبێت ؟

- من داواكارم هەموو ئاوارەكان بگەرێنەوە بۆ كەركوك بە زووترين دەرفەت چونكە ئەوە ئەركێكی نيشتيمانی و نەتەوەيەتی يە دەبێت هەمووان دەست بەجێ بگەڕێنەوە. . . بە هەموو پێناسەيەكی كەركوك بوونيان. . . زۆر گرنگە گەرانەوەيان. . . دەبێت واز لە هەموو شتێك بهێنن بگەرێنەوە، نەك بلێن شوێنمان نیيە و منداڵەكان لەمەكتەبن و هتد. . . ئێمە راستە ئێستا ناتوانين وەزعيان چاك بكەين بەڵام كاری جدی بۆ دەكەين گەرانەوەيان ئەركێكی نەتەوەيی گەورەيە. . .

- ئايا لەشاری دا ليژنە ئيداری شار باڵادەست ترە لە پارێزگار ؟

- راستی هێزەكانی ئەمريكا لە هەمووان باڵا دەست ترە لەناو شاری كەركوكدا.

- دوا وتەی بەرێزتا چیيە ؟

- هيوادارم راگەيانده كوردیيەكان لە ئاست و ئەركەكانی نەتەوەيی بن. زۆر سوپاس.

دزاتر چاومان كەوت بە بەرێز وليد شريكە سكرتێری پارتی ÇÎ التركمان. . . لە ژۆری برا توركمانەكان.

- دەوترێ شاری كەركوك لەئاڵۆزيدا دەژێت بەتايبەتی بەهۆی وەزعی برايان توركمان و كورد تا چەن ئەمە راستە ؟

- وتی سەرەتا بەخێرهاتنی بەرێزتان دەكەم توركمانە نيشتيمان پەروەرەكان هيچ كێشەيان نیيە لەگەڵ برايانی كورد و عەرەب و ئاشوریيەكان بەڵكو بەيەك دەست كار دەكەن بۆ كەركوكی برايەتی و تەبايەتی وەك ئێمە لێرەدا كاری بۆ دەكەين لە ليژنەی ئيدارەی ناو شاری كەركوك. . . ئەوانەی كێشە دروست دەكەن ئەوانە لە نيشتيمان پەروەری بەرين و بەكرێ گيراون ئەنداميان نیيە لەم ژۆرەدا. . . نوێنەری توركمان نيين. . .

- بەڵام ئەوانە خۆی بە نوێنەری توركمان دەزانن ؟

- گەر نوێنەری توركمان بن كەسێكيان لێرە دەبوو. . .

- ئايا ئايندەی گوزەرانی كورد و توركمان و ئاشوری يەكان لە كەركوك دەبينی؟

- زۆر بەگەشی دەيبينم و كەركوك ئێستا باشترين شاری عێراقە لەرۆيەوە. . .

- دوا قسەی بەرێزتان ؟

- زۆر سوپاسی هاتنتان دەكەم و دڵنيای خەڵكی كوردستان دەكەم لە كەركوكی كوردستاندا وەك برا دەژين. . . ئەوەها سەردانەكمان كۆتای بهێنا لە پارێزگای كەركوكدا هەمووان باس لە برايەتی و تەبايەتی و يەك رێزی گەلانی عێراق دەكەن. . .

ئەمانە هەمووی لەلايەك رەنگە ئەو مەترسیيە لەدەست دانی كوردستانێتی كەركوك هەندێ كەمتر بۆتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا دەبێت زياتر كاری بۆ بكرێت. . .

ئيتر سوپاس

رۆژنامە نووس



www.kurdistannet.org
كوردستان نێت

**سابیری محمود داماو**

٢٧ / ٤ / ٢٠٠٣

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت www.kurdistannet.org